پەنا بۆ بەر سێبەری خانەقا

## "گەڕانەوە بەناو بنکە و بارەگای برا دوژمنەکاندا"  (٤)



مانگی پووشپەر تێپەڕی و ڕۆیشت، بەیانییەک دەروێشی هاودەنگ و دۆستی "ساردەکوێستان"یمیان بۆ شوێنێکی تر ڕاگوێست، ئیتر من مامەوە و چەند پاسداری برینداری لەت و کوت.

کات مەیبوو و لە جم و جۆل کەوتبوو و، بە هیچ جۆریک نەدەبزووت، دەتکوت ڕێبوارێکی بێ هێز و ماندووە، ملی بزنە ڕێیەکی گرتووە و تووتنییەتی برستی لێ بڕیوە،

یان هەڵوەدایەکی نیشتمانە ڕێگای هەڵە کردووە و لە شەوی دوای بارانی پەڵە لە شێوەردێک چەقیوە.

سەر لە ئێوارەیک، دوکتورێک هات و پێی کوتم کە بۆ چارەسەری دەبێت سەردانی بیمارستانی "تاران" بکەم و، دەبێت هەر ئێستا کەس و کارم ئاگادار کەم.

لێرەوە دێنم نووکی قەیچی لە ڕایەڵەی بیرەوەرییەکانم دەچەقێنم و هەڵیدەپاچم، ئیتر باسی مووشکبارانی شەوان و بۆمبارانی فڕۆکە عیراقی یەکان و، ئاشکرابوون و دەربازبوونم لە "تاران" ناکەم، چونکی هەر چەندی دەیهێنم و دەیبەم و سەروبنی دەکەم، گیرانەوەی لە درۆ و پیوەنان دەچێت تا ڕووداوێکی ڕاست کە خوێنەر باوەڕی پێ بکەن.

ئەوگەوە بە ناچاری لەو زنجیرە دەردێنم ، چون گێڕانەوەی هەزار توێژ و تەڵەزمی تری لێ دەبێتەوە، وەک گلۆڵە بەنێک لە لێژی خولۆر بێتەوە، تازە بە کەس هەڵناکرێتەوە.

**********

من کە ژانم لێدەچۆڕا و گەرد و تۆزی دەردم لە ڕوخساری نیشتبوو، بەبێ هیچ کێشەیەک، ئێوارەیەک، لە تارانەوە بەرەو مهاباد وەڕێکەوتم. بۆ بەیانی زوو  لە دەروازەی شار دابەزیم و، بە چرژاوی و گەوکراوی خۆم بە ماڵی خزمێکم داکرد  .

پاش ماوەیەک خۆشاردنەوە لە مهاباد بە هۆی کەمتەرخەمی خۆم و خۆش خەیاڵی خانەخوێکەم، خەریک بوو دانەخۆرە بکریم و ڕاو بکرێم  .

من نەمدەزانی کەس هەیە ئاوا وەک قرژاڵ بە هەر دوو سەر دەڕوا، ئەو داوە منی وەهۆش هێناوە و وەک گرمەی هەور و بروسکەیەک، لە تاریکایی شەوێک، هەڵی بەزاندم و بەرچاوی ڕوون کردمەوە.

چەند ڕۆژ دواتر ناسیاوێکی خۆمان کە شارەزای ڕیگا و بان و هام و شۆی "سەردەشت"' و سەر سنوورەکان بوو، یاریدەی دام و ئەم ڕێگایەی چەند جار تاقی کردەوە، کە هاتەوە کوتی: تەنیا پرسگەی دەروازەی سەردەشت زۆر دەپرسن و جێگای مەترسییە، بەڵام تۆ بەم ڕەنگ و ڕوویە زەردەوە و، بەو لاوازی و بێ وازی و دەردەوە، کەس لێت ناپرسێت.

بەیانی ڕۆژی دوایی بە سواری "مینی بوس" بەرەو سەردەشت وەڕێ کەوتم، چەند ژن لە ماشێنەکە دابوون، دیار بوو ئەوانیش بۆ  دیداری کیژ و کوڕیان بۆ ئەو دیوی سنوور دەچوون، کە منیان بینی، ناسیانمەوە و لەخۆیان گرتم  .

بەدرێژایی ئەم ڕێگایە لە هەر جێیەک پاسدارێکیان دەدیت، تێگرا "آية الكرسی" یان دەخوێند، کابرای شۆفیر جار جار ئاوڕی دەداوە و لای وابوو ئەم دووعا و نزایە لە ترسی هەوراز و سەرە و لێژ و پێچاوپێچی ڕێگایە.

له دەروازەی شاری سەردەشت نیزیک بووینەوە، ماشێنەکان لە چاوەڕوانی نۆرەی گەڕان وپشکنیندا بەریز وەستا بوون، لە ناکاو دوو "میک"ی عراق پەلاماریان دا و چەند شوێنی شاریان پێکا و، بوو بە گرم و هۆڕ و تەقە و هەرا و هوریا، ئیتر چیتر مەودای پشکنین نەما، کاریتەی سەر ڕێگایان لادا و، ماشێنەکان بەدوای یەکدا تیژ تێپەڕین و تا ئاوایی "قەلەڕەشە" کە دواین بنکە دەوڵەتی لێبوو، گیر نەبووین.

لێرەوە ئیتر چی تر لە ژێر دەست و هەڕەشەی دەوڵەت دا نەمابووم. تا ئێوارە درەنگ بوو و تاوپەڕی و فێنکی کرد، لە چایخانەکەی سەرڕێگا مامەوە و خۆم خافڵاند و خەریک کرد، ئەوجار لە یەکەم ماڵی لاپەڕی گوند وەژوور کەوتم.

کابرای خانەخوێ زۆر زوو زانی کە من پیاوی هێنان و بردن و کرین و فرۆشتن و ئاودیوکردنی کەل و پەل و کاروانچییەتی نیم، نەشیدەوێرا بپرسێت من کێم و لەو ناوە خەریکی چیم.

کە تاریک بوو خۆم پێناساند و بەسەرهاتی خۆم لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ گێرایەوە و داوام لێکرد یاریدەم بدات و نەهێڵێ وەدەست برا دوژمنەکان کەوم و لەم سنوورە ئاودیوم کات.

کابرا چاوی تێ بریبووم و نەیدەترووکاند، کڵاوەکەی لە سەری دادەگرت و دایدەناوە و بە هەر دوو دەست بە سەریەوە دەنووساند، لەپڕ دای لە پرمەی گریان و کوتی: خوشکەزایەکەم ئەم ڕۆژانە لە شەڕی براکاندا، لە نێوان بانە و مەریوان، کوژراوە.

پاش سرتەیەک لە گەڵ ژن و منداڵ، کابرا گەڕایەوە و کوتی: هەر ئەم شەو دەبێت دەرچین، دەبێت زۆر وریا بین و لە داو نەکەوین، ترسی هێرشی دەوڵەت بۆ ئەو ناوە هەیە، براکانیش لە ئێوارەوە تا بەربەیان لە ناو ملە و سەریاڵەکان بۆ بەرەنگاری لە بۆسە دان، نابێت بەسەر ئەوان دا کەوین و، بۆ تیرێژی بەیانی دەبێت لە سەر چۆمی کەلوێ بین، ئیتر لەوێوە خاکی عێراقە و براکان خۆ لە یەک ناگەیێنن.

پێش ئەوەی وەڕێکەوین، پێ کوتم کە وێناچێت لەبەر بێ هێزی خۆم لەسەر ئێستر ڕاگرم.

کەژوویەکی هێنا و لۆیەکی بە پشت ئەژنۆم داهێنا و لە ژێرەوە هەر دوو بەلەکی پێمی لە ژێر زگی ئێسترەکە گرێدا و وەڕێکەوتین.

تا زەردەی بەیان ،بەبێ پشوو وچان، بەرێوە بووین، جار جار لە ڕێگا کل دەبوو و، لایدەدا و، دەوێستا و، هەستی ڕادەگرت و، ئەو جار بە لایەکی تر دا جڵەوی ئێسترەکەی بە دوای خۆیدا دەکێشا.

.بەبێ کێشە لە جۆلانەکەی چۆمی کەلوێ پەڕاندمێوە و لەوێ ئیتر ڕادەستی کوڕێکی کرێبارچی کردم کە ئاگای لێم بێت و هەتا بازاڕی "سەفرە" لە هیچ کوێ لانەدا و بەند نەبێت .

هەر چەند ڕێگامان زۆر دوور نەبوو بەڵام بێ هێزی و گەرما و هەڵم و هاڵاوی ئەو شیوە شل و ول و داوەشاوی کردبووم و لە پەل و پۆی خستبووم..

.دووراودوور چەند کەپر و کەوێل وکۆخ و خێوەتم لێ وەدەرکەوت، چەند کەس لەو ناوە دەهاتن و دەچوون، کە نیزیک بوومەوە، هەنگاوەکانیم ناسیەوە، هاتنە سەر ڕێگا و کە چاوی بە من کەوت سەری سوڕما و، شڵەژا و ، جڵەوی ئێسترەکەی لە دەستی کابرا دەرهێنا و، بە پەلە بۆ قوڵایی شیوەکەی کێشا.

من هەرگیز بەبێ بوار و دەراو لە هیچ ئاو و ڕۆبارێکم نەدابوو، ئەم جارەش لام وابوو ئێرە ئەم دیوی سنوورە و، وەک دەڵێن لە شەڕ و شوور بەدوورە و ئیتر بۆ من جێگای هیچ گومان و نیگەرانییەک نەمابوو.

دەستی گرتم و بۆ ژێر نیسێی کەپرەکەی بردم و پرسی:

.تۆ لێرە چدەکەی؟

بۆ نازانی ئەو هێزانە پێت بزانن زۆر سەری خۆیان بە تۆوە نایەشێنن؟ دەتبەنە کوێرە شیوێک و سێ فیشەک بە سەرتەوە دەنین و سەری خۆیان سووک دەکەن و، دەڵێن بۆ شوناسایی هاتبوو و، دەمێک بوو بە دوامانەوە بوو و، لە ژێر چاوەدێری خستبووین.

ئەو جار کوتی: نابێت کەس بتبینێت و خۆت وەدەر بخەی تا ئێمە "کاک خدر" ئاگادار دەکەین.

ئێمە لە شار وەک برا بووین، وەک بەر و بۆی یەک پۆلەدار، پاراوی یەک جۆگە و ئاو بووین، ئێمە لە شار وەک ددانەی شانەی دار بە دیار یەکەوە وەستا بووین و پاڵمان بە یەکەوە دابوو، ئێستا ئەوان منیان لە خۆیان دەشاردەوە بۆ ئەوەی نەمکووژن.

ماوەیەتی

*قەلەڕەشە= گوندێکی ناوچەی سەردەشت

**سەفرە= گوندیکی سەرسنوور، سەر بە ناوچەی ماوەت.

***کاک خدر= خضر خضری، فەرماندەی کارامە و خۆشناو و لێوەشاوەی یەکێک لە هێزە کوردییەکان بوو کە لە شەڕی مەڵبەندی موکریان لە گەڵ هێزە داگیرکەرەکاندا لە دەست چوو.